www.kurdistannet.org
7-3-2007 22:26 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

## وەڵامی ناوەندی چاک سەبارەت بە هەوڵەکانی بەدادگایی گەیاندنی عەبدوڵلا هەمزە ئاغا

یەکێ لە ئەرکە سەرەکیەکانی ناوەندی چاک، گەیاندنی بەشدارانی ژینۆسایدی ئەنفالە بەدادگا، ئەو کەسە هەر کێ بێت و لە هەر کوێ بێت، ئەگەر بە بەڵگە سەلمیندرا بەشداری لە تاوانی ئەنفال یا کۆمەڵکوژیەکانی دیکە کردووە، ئەوە لە ڕێگای قانونیەوە هەوڵی بەدادگاییکردنی ئەو کەسە دەدرێت. ئەوسا دادگا تاوانباری و بێتاوانی ئەو کەسە یەکلا دەکاتەوە. تەنها دادگاش دەتوانێ بێتاوانی ئەو کەسە بسەلمێنێت.

ئێمە هیچ کێشەیەکی کەسییمان لەگەڵ عەبدوڵلا هەمزە ئاغادا نییە، ئەو تەنها کاتێک دەتواندرێ بدرێتە دادگا ئەگەر بەشداری ناوبراو لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا قانونیانە سەلمێندرا. گومان لە موستەشاربوونی ئەودا نییە و شایەدیش لەو بارەیەوە هەن. ئەو دەکومێنتەی بڵاوکراوەتەوە خۆی دەدوێ. سەلماندن و پەسندکردنی دەکومێنت و سکاڵاکان ئەرکی دادگایە و تەنها دادگا لە بێتاوانی و ئاستی تاوانباری ئەودا، خاوەنی دوا بڕیارە.

لەدوای ڕاگەیاندنی هەوڵی بەدادگایی گەیاندنی ناوبراو، هەندێ لە دۆست و ناسیاوانی ناوبراو باس لە پیاوچاکی ناوبراو دەکەن و دژی هەوڵی بەدادگایی گەیاندنەکەن. خۆیشی خۆی کردۆتە شۆڕشگێری پلەیەک لە کوردستان و دانیمارک. بەپێی زانیاریەکان کە لە لایەن ئەندامانی ڕێکخستنی پ.د.ک لە دانیمارک پێمان گەیشتووە، بۆ ماوەی دوو ساڵە عەبدوڵلا ئاغا دوورخراوەتەوە و بەنیازن دەریبکەن. ئەگەر ناوبراو ئەو پیاوچاک و شۆڕشگێرەیە، بۆ ڕێکخستنی پ.د.ک لە دانیمارک دەیەوێ دەری بکات.

ئەوانەی کە باس لە پیاوەتی و شۆڕشگێری ئەو دەکەن، یا هەر کەسێک بەشداری ئەو لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕەتدەکاتەوە، وەکو مافێکی قانونی دەتوانن لە دادگادا بەرگری لێبکەن.

دووبارە لە هەموو هاووڵاتیەک یان زەرەرمەندێک داواکارین، هاوکاریمان بە زانیاری و بەڵگە بکەن چ لە ڕێگای ئیمایلی ناوەندی چاکدا، کە لە ئارمەکەدا ئاماژەی پێدراوە، یان دەتوانن لە ڕێگای کۆمیتەکانمان لە کوردستان و وڵاتانی تردا پەیوەندیمان پێوە بکەن.

ناوەندی چاک – دانیمارک
5/4/2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.